# شەپۆلێکی نوێی توندوتیژی لە دژی ڕۆژنامەنوسان

**Author:** Shawkat al-Bayati

ڕێکخراوە میدیاییەکان دوا بە دوای زنجیرەیەک هێرش داوای پارێزگاریی زیاتر بۆ ڕۆژنامەنوسان دەکەن.
.

لەمانگی ڕابردووەوە، بە لایەنی کەم پێنج کارمەندی میدیا کوژراون و چەندانی تریش بریندار بوون.

بە گوێرەی کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنوسان لە نیویۆرک، لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا، ڕۆژنامەنوسێکی کورد بە ناوی دیار عەباس ئەحمەد لە شاری کەرکوک لە باکووری عێراق بە فیشەک کوژرا.

لە ١٣ی ئەیلولدا، سێ ڕۆژنامەنوس و شوفێرەکەیان کوژران لە کاتێکدا لە موسڵ وێنەیان بۆ بەرنامەیەک دەگرت.

پەیامنێری باڵای تەلەفزیۆنی ئەلشەرقیە موسعەب مەحمود ئەلعەزاوی و وێنەگران ئەحمەد سالم و ئیهاب موعد لەگەڵ شوفێرەکەیان قەیدەر سلێمان بە گوێرەی لێدوانەکان، ڕفێنران وەختێک هاوڕێکانیان لەتیمەکە تەلەفیزیۆنیەکە لەخانووێکدا خەریکی وێنەگرتنی فیلمێک بوون.

دواتر تەرمەکانیان لە گەڕەکی ئەلبورسە، نزیک ئەو شوێنەی ڕفێنرابوون دۆزرانەوە.

لە ٢٠ی ئەیلولدا، سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی عێراق موئەیەد ئەللامی و چوار ڕۆژنامەنوسی تر لە تەقینەوەیەکدا لە بارەگای سەندیکاکە لە بەغدا، بریندار بوون.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان، بۆمبەکە لە بەردەم دەرگای باڵەخانەکە تەقیوەتەوە کە دەکەوێتە گەڕەکی ئەلوەزیرییە لە باکووری پایتەخت.

دوای تەقینەوەکە، کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنوسانی عێراق داوای کرد دەسەڵاتداران پاسەوانی باشتر بۆ ئەندامانی ئەو سەندیکایەی ڕۆژنامەنوسان دابین بکەن. کۆمیتەکە ڕاشیگەیاند ئەندامەکانی لە لایەن توندڕەوەکانەوە کراونەتە ئامانج، وەک هەوڵێک بۆ کپکردنی دەنگی ڕاگەیاندن و میدیای ئازاد.

لە هەمان کاتدا، سەرۆکی کۆمەڵەی عێراقی بۆ مافەکانی ڕۆژنامەنوسان ئیبراهیم ئەلسەرای داوای لە حکومەت کرد ئاسایش بۆ سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکە دابین بکات و ئاماژەی بەوەش کرد کە سەندیکا کە بووەتە ئامانجی گرووپە سیاسی یان توندڕەوە نەناسراوەکان.

ئەمە یەکەم جار نییە سەندیکاکە هێرشی بکرێتە سەر.

لە شوباتی ئەمساڵدا، سەرۆکی سەندیکاکە، شیهاب ئەلتەمیمی دوای ئەوەی لە بەغدا تەقەی لێکرا، مرد. تەمیمیکەلە 2003 وە سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنوسانی عێراق بوو، بەردەوام ڕەخنەی گرتووە لە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و داگیرکاریی بەردوامی سەربازەکانی ئەمریکا بۆ وڵاتە.

لە ٢٠٠٣ وە، تیرۆرکردن و ڕفاندنی لەم جۆرە لە عێراقدا زۆر بووە.

عێراق بە مەترسیدارترین شوێنی جیهان دادەنرێت بۆ ڕۆژنامەنوسان. بە گوێرەی کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنوسانیش لەنیویۆرک، ١٣٥ ڕۆژنامەنوس لە2003 وە لە عێراق کوژراون.

لە کاتێکدا پێدەچێت کارمەندانی میدیا ئامانجێکی دیاریکراو بن، حکومەتی عێراقی ڕەتیکردەوە دان بەوەدا بنێت و ڕایگەیاند کە هۆکاری مەرگی ڕۆژنامەنوسان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شەپۆلە گشتییەی توندوتیژی کە سەرتاپای وڵاتی گرتوەتەوە.

ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان حوسێن فەوزی، کە بۆ چەند ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی دەنوسێت، وتی پێش ئەم هێراشانەی ئەم دواییە لە دژی ڕۆژنامەنوسان، ڕەوشی ئاسایش لە عێراقدا زۆر باش بووو.

"[تا ئەم دواییە] بارودۆخ بۆ ڕۆژنامەنوسان و کارمەندانی میدیا تا ڕادەیەک باش بوو، بەڵام ئێستا بە جدی بیر لە وازهێنان لە کارەکانمان دەکەینەوە،" فەوزی وتی.

ڕەوحی ئەحمەد، کە وەک بەڕێوەبەری پڕۆگرام کاردەکات لە ڕادیۆی ئەلمەحەببە، کە ئێستگەیەکی عێراقییەو تەرخانکراوە بۆ کاروباری ژنان، تیرۆرستەکان و گروپە چەکدارەکانی تۆمەتبار کرد بەوەی ڕۆژنامەنوسان دەکەنە ئامانج.

ئەحمەد وتی کە لە کۆتاییدا حکومەت و هێزەکانی ئاسایش بەرپرسیارن چونکە ناتوانن ڕێگری لە هێرشەکان بکەن و بەرپرسیارێتی دەخەنە ئەستۆی تاوانکاران.

"ئەگەر حکومەت لێکۆڵینەوەی بکردایە لە کوشتنی ڕۆژنامەنوسان و ئەوانەشی سزا بدایە کە بەرپرسیارن، شتەکان بە تەواوی دەگۆڕان و ڕۆژنامەنوسانیش گیانیان پارێزراو دەبوو،" فەوزی وتی.

فەوزی تەئکیدی کردەوە کە پێناچێت سیاسەتمەداران گرنگی بە سەلامەتی کارمەندانی میدیا بدەن و ئەوەشی وت کە یاسایەک بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنوسان لە پەرلەماندا وەستێنراوە.

سەرۆک وەزیران نوری ئەلمالکی، کە ئیدانەی کوشتنی ڕۆژنامەنوسانی کردووە بەڵام حکومەتەکەی ڕەخنەی لێدەگیرێت لەسەر ئەوەی کاری تەواو ناکات بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنوسان.

تا ئێستا شتێکی کەم لە بارەی ڕەشنوسی ئەو یاسایەوە زانراوە کە نێردراوە بۆ پەرلەمان،و دەڵێن لە هاوینەوە خراوەتە بەردەستی کۆمیتەی ڕۆشنبیری و میدیای پەرلەمان، بەڵام ئاشکرا نەکراوە.

"ئەو ڕەشنوسەی حکومەت بۆ پەرلەمانی ناردووە گرێنتی پاراستنی ڕۆژنامەنوسان دەکات و بە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای عێراقیان دادەنێت،" گوتەبێژی حکومەت عەلی ئەلدەباغ بە پەیمانگای ڕۆژنامەوانیی جەنگ و ئاشتی وت.

زیاد ئەلعەجیلی، کە سەرۆکایەتی گروپێکی میدیای عێراقی دەکات بە ناوی ڕووانگەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری وتی یاساکە، حکومەتی عێراق پابەند دەکات بە پاڵپشتی کردن لە خێزانی ئەو ڕۆژنامەنوسانەی کوژراون لەگەڵ دابینکردنی خەرجی چارەسەری پزیشکی بۆ ئەوانەی بریندار دەبن.

ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان و سەرنوسەری هەواڵ لە ڕادیۆی ئەلیەوم ئیمان ئەلخەتاب وتی دەبوایە ڕەشنوسی یاساکە زووتر پێشکەش بکرابایە. ئەلخەتاب پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە کوشتنی تەمیمی و بە ئامانجکردنی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان بەم دواییە هۆکاری سیاسی لە پشتەوەیە و داوای لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی کرد لەسەر بەرزبوونەوەی توندوتیژی ئەمدواییە لە دژی ڕۆژنامەنوسان.

لە وەڵامی ئەم هێرشانەدا، ڕووانگەی ئازادیی ڕۆژنامەگەری ڕایگەیاند دەستی بە پڕۆژەیەک کردووە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بۆ
پاراستنی ڕۆژنامەنوسان لە ڕێی دابین کردنی نەخشە و دانانی پاسەوان بۆیان کاتێک لەسەر چەند ڕووداوێکی دیاریکراودا ڕاپۆت
دەنوسن. هەورەها وەزارەتی ناوخۆ کڵاوزرێ و گوللەبەند و کەلوپەلی فریاگوزاریی سەرەتاییش بۆ ڕۆژنامەنوسان دابین دەکات.

عەجیلی وتی ئەم دەستپێشخەرییە بەشێکە لە پڕۆژەیەکی گەورەتر کە ئێستا جێبەجێ دەکرێت بە هاوکاری میدیای سەربەخۆی عێراق،
کە ڕێکخراوێکی ناحکومییە، بۆ دابینکردنی پارێزگاری و ئاسایشی باشتر.

بەڕێوەبەری نوسینگەی پەیوەندی گشتی و میدیا لە وەزارەتی ناوخۆ عەلا ئەلتاعی وتی وەزارەت ئامادەیە هەموو شتێکی پێویست دابین
بکات بۆ پاڵپشتیکردن لە کاری ڕۆژنامەنوسان.

"ئێمە هەر لە سەرەتاوە لێکدانەوەیەکی ڕوونمان هەیە و دەمانەوێک لە پڕۆژەیەکدا و لەگەڵ هەر ڕێکخراوێکیشدا کە گرنگی بە
کاروباری ڕۆژنامەگەری بدات، پەرەی پێ بدەین. ئەم پڕۆژەیە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا بێ هاوتایە،" ئەلتاعی وتی.

لە دەستپێشخەرییەکی جودا، پەیمانگای ڕۆژنامەوانیی جەنگ و ئاشتی بەم زووانە کۆڕسێک لەسەر سەلامەتی ڕۆژنامەنوسان لە عێراق
پێشکەش دەکات بە ناوی سەلامەتی و ئاسایش و پارێزگاریی یاسایی. ئەم کۆڕسە ڕۆژنامەنوسانی عێراق بە نمونەی مەشقی
ڕۆژئاوایی بۆ ژینگەی توندوتیژی ئاشنا دەکات. هەروەها مەشق لەسەر یاسای میدیاش پێشکەش دەکات.

شەوکەت ئەلبەیاتی ڕۆژنامەنوسێکی ڕاهێنراوی پەیمانگای ڕۆژنامەونیی جەنگ و ئاشتییە لە بەغدا.

**Location:** Iraqi Kurdistan
Iraq

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/shhpoelykhy-nwyy-twndwtyjy-lh-djy-roejnmhnwsn